# سمکۆ ناکام
# گۆگۆلی شانۆی کوردی

**د. فازڵ جاف**
**(سوید)**

نووسەر و بیرمەندی فرەنسی جان پۆل سارتر لە کتێبەکەیدا دەربارەی شاعیری گەورەی فرەنسا شارل بۆدلێر دەڵێت: بۆدلێر ژیانێک نەژیا شایستەی ئەو بێت. بۆدلێر وەک سارتر دەڵێت: شایستەی ژیانێکی بەختەوەرتر و ئاسوودەتر بوو، بەڵام ژیانێک ژیا، پڕ لە ئازار و مەینەتی و دەردەسەری بوو. ئەم وتەیەی سارتر دەربارەی ژیانی پڕ لە نەهامەتی بۆدلێر ڕێک بۆ ژیانی سمکۆ ناکام دەگونجێت. سمکۆ ناکام چ لە کوردستان، چ لە هەندەران، ژیانێک نەژیا، شایستەی درامانووسێکی داهێنەری وەک ئەو بێت، کە بە ڕای من، هەر لە سەرەتاکانی شانۆی کوردییەوە تا ئەمڕۆ، لێهاتووترین و کارامەترین درامانووسی کوردە.

سمکۆ ناکام هەر لە منداڵییەوە تاکوو ئەمساڵ، کە پاش نەخۆشی،ماڵئاوایی لە ژیان کرد، ژیانێکی ئارام و خۆشگوزەران و ئاسوودەی ئەوتۆ نەژیا کە بەدەر بێت لە نیگەرانی و خەمی بەردەوامی مسۆگەرکردنی بژێوی ڕۆژانە، بۆیە لە هیچ قۆناغێکی ژیانیدا ئەوەی بۆ نەڕەخسا کە خوی تەنیا بۆ نووسین و داهێنان و هونەری شانۆ تەرخان بکات تا بەرهەمی زۆرتر و کامڵتر بە شانۆی کوردی ببەخشێت. شانۆی کوردی، کە تا ئەمڕۆش، نەبوونی دەقی شانۆیی هونەری و ئاستبەرز، یەکێکە لە کێشە سەرەکییەکانی، بۆیە شانۆی کوردی بە لەدەستدانی سمکۆ ناکام زیانێکی گەورەی لێ کەوت.


هەڵبەتە سمکۆ ناکام- یش، چەشنی بودلێر، بە ویستی خۆی ئەم هەڵوێستە سەختەی هەڵبژاردبوو، خۆی سەرکەشانە ئەم ژیانە سەخت و کەم دەرامەتەی هەڵبژاردبوو، چونکە ئەو کەسێک بوو، بۆ هیچ جۆرە یارمەتی و کۆمەکێک ڕووی دەمی لە کەس نەدەکرد و دەستی لە کەس پان نەدەکردەوە و مەرایی بۆ کەس نەدەکرد.

ئەو بە هیچ جۆرێک داوای ماددی لە کەس نەکرد، داوای هیچی لە هیچ لایەنێک، تەنانەت لە هاوڕێ نزیکەکانیشی نەدەکرد. سمکۆ ناکام لە هەموو قۆناغەکانی ژیانیدا، سەربڵند و ڕەند و خۆڕاگرانە ژیا، ئەو ڕەخنەگرێکی سازشنەکەر بوو، لە ئاست هەموو جۆرە دەسەڵاتیکدا هەڵوێستێکی ڕەخنەگرانەی توندی دەنواند،

لەمەشدا لەگەڵ خۆی و دەروروبەری ڕاستگۆ بوو، هەندێ جاریش، زیاد لە پێویست ڕاشکاو و قسە لە ڕوو و ڕووشکێن بوو، کەسێک بوو بە هیچ جۆرێک پەنای بۆ مەراییکردن و ماستاوکردن و موجامەلە و ستایش و پێداهەڵدان نەدەبرد، ڕەخنەگرتن میتۆد و دیدگەی فەلسەفی سمکۆ ناکام بوو، بۆیە دەکرێ بەرهەمەکانی لە دیدگەی ڕیالیزمی ڕەخنەییەوە پۆلێن بکرێن. هەر ئەم هەڵوێستەش هزر و بیرۆکەی سەرەکی و ناوەڕۆکی شانۆنامەکانی پێکدێنن، بێ تێگەیشتن لەم ڕەهەندە ڕەخنەییە، ئەستەمە لە کرۆک و پەیامی شانۆنامەکانی تێبگەین.

ڕەخنە لەلای سمکۆ ناکام ڕەخنەن لە هەموو جۆرە دەسەڵاتێک، دەسەڵاتەکانیش لە شانۆنامەکانیدا خۆیان لە چەند تەرز و جۆرێکی جیاوازدا دەنوێنن، لە وانە چینی حوکمڕان و داگیرکەران، دەرەبەگ و بۆرژوا، پیاوکوژ و شەقاوە و چەقۆکێش، ئەوجا پیاوسالاریی بە هەموو جۆرەکانییەوە. ئەم دەسەڵاتانە لە بەرهەمەکانی سەرەتای نووسینییەوە، وەک ڕەجەب و پیاوخۆران و چەخماخە، تا دەگاتە دوا شانۆنامەی (بەسەرهاتی کاکەوڵای ئاشەوان لە سەردەمی فەقیرقڕاندا) کە ساڵی ٢٠١٨ بۆی پۆست کردم، بە ڕوونی دەردەکەون، بەڵام ئەم شێوازی ڕەخنەگرتنە لەلای سمکۆ ناکام وەنەبێ شێوازێکی ئایدیۆلۆژیانەی دۆگماتیک بێت، بگرە سمکۆ ناکام وەک نووسەرێکی سۆسیالیستی ڕاستەقینەی داکۆکیکەر لە چینی هەژاران و چەوساوەکان، دەیزانی چۆن خۆی لە دۆگما و چوارچێوەی ئایدیۆلۆژی چەقبەستوو دوور ڕابگرێت.

لە ڕووی هونەریشەوە، ئەگەر بە وردی لە شانۆنامەکانی ناکام قووڵ ببینەوە، تێدەگەین کە چەند سوودی لە میتۆد و ڕێبازە سەرەکییەکانی شانۆ، وەک کۆمیدیای هەڵەکان (خولە چەخماخە)،



سمکۆ ناکام

گرۆتێسک و ئەبسیورد (مارشێکی ناسان) وەرگرتووە و داهێنەرانە بەکاری هێناون، ئەوە بێجگە لە داهێنانەکانی لە بواری شانۆنامەی منداڵدا، وەک بەکارهێنانی داستان و ئەفسانە (بەیتی ڕێزانکێ) و (گورگی بێشە و هەرد) و (داپیرەی دانا).

ئاشکرایە کە شانۆنامەی خولە چەخماخە، بەناوبانگترین شانۆنامەی (سمکۆ ناکام)ـە، ئەم شانۆنامەیە لە کۆمیدیادا سەر بە ژانرێکە کە پێی دەڵێن کۆمیدیای هەڵەکان The comedy of errors بە عەرەبی پێ دەڵێن (ملهاة)، یان (كوميديا الأخطاء) کە پلۆتەکەی بریتییە لە بەهەڵە لەیەکترتێگەیشتن و بەدحاڵیبوون، بەدحاڵیبوونێک کە کۆمیدیای لێ دەکەوێتەوە. ئەم ژانرە هەر لە کۆنەوە لە شانۆی ڕۆژئاوادا برەوی هەبووە، لە گەلێ دیمەنی شانۆنامەکانی مۆلێیردا، نموونەیان زۆرە، تەنانەت شەکسپیریش پەنای بردووەتە بەر ئەم جۆرە کۆمیدیایە، کۆنترین نموونەی ئەم تەرزە کۆمیدیایە، کۆمیدیا بە ناوبانگەکەی شەکسپیرە کە هەر بەم ناوەوە ناونراوە (کۆمیدیای هەڵەکان، یان کۆمیدیای

بە هەڵەداچوون)، کەسایەتییە سەرەکییەکانی شەکسپیر جمکن و تەواو لە یەک دەچن! هەربۆیە کێشە و دۆخی سەیروسەمەرەی لێ دەکەوێتەوە. نووسەرانی ڕووسیش دەستیان بۆ ئەو جۆرە کۆمیدیایە بردووە، لەوانە چێخۆف لە شانۆنامەی (ورچ) و (خوازبێنی)دا. لە خوازبێنیدا لۆمۆڤ گەنجێکە بۆ خوازبێنی سەردانی (چۆبۆکۆڤ)ی خاوەن زەویوزار دەکات، مەبەستی لۆمۆڤ لەو سەردانە، خوازبێنیی ناتالیای کچی چۆبۆکۆڤە، بەڵام چۆبۆکۆڤ پێی وایە کە لۆمۆڤ هاتووە ئەرزی لێ داگیر بکات، دیارە زەقترین نموونەی ئەم ژانرە، شانۆگەری (پشکنەر)ی (گۆگۆل)ـە کە کۆمیدیاکەی لە سەر بناغەی بە هەڵەتێگەیشتن و بەدحاڵیبوون هەڵچنراوە.

شانۆنامەی چەخماخە، نموونەیەکی سەرکەوتووی شانۆی کۆمیدیای هەڵەکانە. پلۆتەکە لە زۆر ڕووەوە لە پلۆتی پشکنەری گۆگۆل دەچێت، بەڵام تەنیا ئەوەندەیە کە هەردوو شانۆنامەکە سەر بە یەک ژانرن. ڕاستییەکەی شێوازی کۆمیدیا و زمانی تەنز و ساتیری سمکۆ ناکام گەلێ لە شێوازی کۆمیدیای گۆگۆل نزیکە، بە ئەندازەیەک دەتوانین ناوی گۆگۆلی کورد لە سمکۆ ناکام بنێین.

سمکۆ ناکام لە دارشتنی پلۆتی شانۆنامەکانیدا پشتی بە واقیع و ژیانی کۆمەڵگە و مێژوو دەبەست، بەڵام پلۆتەکانی هەمووی زادەی داهێنانی خۆی بوون، ئەو بە هیچ شێوەیەک پلۆت و شانۆنامەکانی شانۆنووسانی دیکەی نەدەگواستەوە و سەرلەنوێ بیاننووسێتەوە، یان خۆی بکات بە خاوەنیان. سمکۆ ناکام لەمەدا بێئەندازە دەستپاک بوو، ئەویش هاوشێوەی گۆگۆل، شانۆنامەکانی مۆرکی کۆمیدیای کۆمەڵایەتیی گاڵتەجاڕانەی فارس farsی پڕ لە تەنز و ساتیر دەگرنە خۆ، کە بەهۆی بەدحاڵیبوون و بە هەڵە لە یەکتر تێگەیشتن و هەڵوێستی دژەکارانە، کێشە و کەموکوڕییەکانی کۆمەڵگە، بە تایبەتی کێشەکانی گەندەڵی و دووفاقی و دووڕوویی و بێمۆراڵی ئاشکرا دەکەن. لێرەدا ئەم خاڵە تەنیا وەک ئاماژەیەکی خێرا دەخەمە ڕوو، دەنا ئەم باسە پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی زانسییانەیە کە لێرەدا جێگەی نابێتەوە.

جێگەی داخە کە شانۆکارانی کورد، بەتایبەتی ئەوانەی کە تازە پێیان ناوەتە ناو بواری ئەکادیمی و توێژینەوەی زانستییەوە، تا ئێستا بە گوێرەی پێویست بایەخیان بە شانۆنامەکانی نەداوە، پێدەچی شانۆکارانی کورد تا ئێستا پەییان بە گرنگیی شانۆنامەکانی سمکۆ ناکام و کارامەیی درامییانە و دراماتۆرگییانەی نەبردبێ، چونکە ئەوەندەی من بزانم، کەس بە گوێرەی پێویست خۆی بۆ لێکۆڵینەوە و دیراسەکردنی بەرهەمەکانی سمکۆ ناکام تەرخان نەکردووە.

هۆکاری ئەمەش ڕەنگە بۆ ئەو هەڵوێستەی بگەڕێتەوە کە سمکۆ ناکام لە ژیاندا هەیبوو، ئەو پێی وابوو پێویستی بە بانگەشە و بازاڕسازکردن و کۆڕبەستن و سیمینار سازکردن و ڕیکلامکردن و سازشکردن لەگەڵ دەستگاکاندا نییە، بە ڕاستیش ئەوەندەی من لە نزیکەوە دەمناسی، بە ستایش و پێداهەڵدان ناڕەحەت دەبوو، سمکۆ ناکام هەمیشە ئەو هەستەی هەبوو کە پێویستی بە دانپێدانان و ئیعتیرافی دەستگا و کەناڵەکانی میدیا نییە. بە درێژایی تەمەنیشی هیچ یەکێک لە شانۆنامەکانی بەچاپ نەگەیاند. ئەو شانۆنامەی بۆ سەر ستەیج دەنووسی، نەک بۆ ناو ڕەفەی کتێبخانەکان، دەیشیزانی شانۆنامەکانی ئەوەندەیان بەسە بگەنە دەستی ڕێژیسۆرەکان، ئیتر یەکسەر نمایش دەکرێن.

لە دوا شانۆنامەیدا (بەسەرهاتی کاکەوڵای

ئاشـەوان لـە سـەردەمی فەقیرقڕانـدا)، سـمکۆ نـاکام داوای لێکـردم شـانۆنامەکە بـە وردی بخوێنمـەوە، پاشـان سـەرنج و تێبینییەکانـی خۆمـی پـێ بڵێم، ئەو هـەر لـە سـەرەتاوە کـە هێشـتا لـە کوردسـتان بـوو، ڕای منـی بـە هەنـد وەردەگـرت، پـاش خوێندنـەوەی شـانۆنامەکە، نامەیەکـی بـۆ نـاردم: «فازیلـی بـرام، مەرحەبـات لێبـێ، ئەگـەر لەسـەر سـمارت فۆنەکـەت واتـس ئەپـت هەیـە، دەتوانیـن پێکـەوە تـۆزێ چەنـە بدەیـن!

ئەمەیش ژمارەکەمە: ....)

شـانۆنامەی (بەسـەرهاتی کاکـەوڵای ئاشـەوان لـە سـەردەمی فەقیرقڕانـدا) شـانۆنامەیەکی یـەک پەردەیە و تا بڵێیت خەسـت و چڕوپڕە، نووسـینی شـانۆنامەی یـەک پەردەیـی سـەرکەوتوو لـە نووسـینی شـانۆنامەی درێـژ سـەختترە. هیـوادارم لـە ئایینـدەدا بتوانـم دەربـارەی ئـەم شـانۆنامەیە بنووسـم و بەگوێـرەی پێویسـت تاووتـووی بکـەم.

سـمکۆ نـاکام لـەو نووسـەرانە نەبـوو، کـە بـە یـەک دوو ڕسـتەی سـتایش و دەستخۆشـی حاڵـی لـێ بێـت و لـە خۆشـییان ببووڕێتـەوە، بۆیـە خـاڵ بـە خـاڵ بـە تیلیفـۆن و وەک پێویسـت، قسـەمان لـە سـەر تەکنیـک و بینـای درامیانـە و ڕەهەنـدی فیکـری کرد، بەتایبەتی پەیامی نووسـەر سـەبارەت بـە ئێسـتا و ئێـرە. مـن وەک هەموو شـانۆنامەکانی تـری سـمکۆ نـاکام، بـە پێوەنـدی گیانـی بەگیانـی شـانۆنامەکە بـە ئێسـتاوە، بـە هاوچەرخێتـی و وێناکردنـی سـەردەم و ژینگـە و چینەکانی کۆمەڵگە و چارەسـەری سۆسـیۆلۆژیانەی کێشـەکانی تاکـی کـورد سەرسـام بـووم، وەک ڕەجـەب و پیاوخۆران، وەک گـوڵ عومـەر، وەک خولـە چەخماخـە، وەک مۆنۆدرامـای مارشـێکی ناسـاز، بوێرانـە و بێپـەردە، بەبـێ هیـچ سازشـێک، بـە ناخـی کۆمەڵگـەدا دادەچۆڕێتـە خـوارەوە و پەیامێکـی مرۆییانـەی دژ بـە گەندەڵـی و دەسـەڵاتخوازی و چەوسـاندنەوەی مـرۆڤ دەگەیەنێـت.

ئـەوەی لـە شـانۆنامەکەدا، وەک لـە سـەرجەم بەرهەمەکانـی تریـدا، زۆر بـە وردی و وەسـتایانە، داڕێـژراوە، سـێ ڕەهەنـدە، یـان سـێ پێکهاتەیـە، ئەویـش: بنیـادی درامیانـەی گرێچن (پلـۆت) ی شـانۆنامەکەیە، ئەوجـا داڕشـتن و وێناکردنـی کەسایەتییەکانە لە ڕووی پاشخانی چینایەتییانەوە، کـە ئەمـە لـە لای سـمکۆ نـاکام بـێ ئەنـدازە گرنـگ و هێمابەخشـە، چونکـە هـەر کەسایەتییەک کـە لـە شـانۆنامەکانیدا دەردەکـەون، بچـووک بێـت، یـان گـەورە، نوێنـەر و هێمـای چیـن، یـان توێژێکـە. ئەوجـا زمانـی شـانۆنامەکە کـە سـمکۆ نـاکام لـەم ڕەهەندەشـدا زۆر ورد و وریـا و هەسـتیارە.

ئـەم سـێ ڕەهەنـدە، یـان ئـەم سـێ ڕەگـەزە درامییانـە، نـەک هـەر لـەم شـانۆنامەیەدا گرنگـن، بگـرە هـەر کەسـێک مەبەسـتی بێـت، توێژینەوەیەکـی زانسـتییانە دەربـارەی شـانۆنامەکانی سـمکۆ نـاکام بنووسـێت، دەبێـت ئـەم سـێ ڕەهەنـدە لـە بەرچـاو بگرێـت و وەک میتـۆد و ڕێچکـەی زانسـتی پیادەیـان بـکات. کارامەیـی سـمکۆ نـاکام لـە بەکارهێنانـی ئـەم سـێ ڕەهەنـدە لـە شانۆنووسـەکانی دیکـەی شـانۆی کـوردی جیـا دەکاتـەوە. ڕاسـتییەکەی سـمکۆ نـاکام وەسـتای داڕشـتنی پلـۆتـی چەسـپ و دامـەزراوە، ئـەو تـەرزە شـانۆنامانەی کـە بـە ئینگلیـزی پێـی دەگوترێت well made play، شـانۆنامەی مەحکـەم داڕێـژاو، کـە بـە داهێنانـی درامانووسـی فەرەنسـایی یوجیـن سـکریب دادەنرێـت، بـەڵام هێنریـک ئیبسـین پـەرەی بـەم تەکنیکـە دا و بـۆ خوڵقاندنـی پلۆتـی ڕیالیسـتانە، وەسـتایانە بـەکاری هێنـا. ئـەم شـێوازەی خوڵقاندنـی پلـۆت لـە شـانۆنامەکانی سـمکۆ نـاکام- دا شـایەنی توێژینـەوەی سـەربەخۆیە.

لێـرەدا نامەوێـت بـە وردی بـاس لـە داڕشـتنی

درامیانـەی (بەسـەرهاتی کاکـەوڵای ئاشـەوان لـە سـەردەمی فەقیرقڕانـدا) بکـەم، کـە وەسـتایەتی و لێزانـی لـە دروسـتکردنی پلۆتـدا بـە شـێوازێکی جیاوازتـر دەردەخـات، تەنیـا دەمەوێـت ئامـاژە بـەوە بکەم کە لەم شـانۆنامەیەدا دیدگەی مەتریالیسـتانەی نووسـەر بـۆ مێـژوو و بارودۆخـی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی کوردسـتان قووڵتـرە، هـەر بۆیـە دەکرێ بڵێم کە سمکۆ ناکام لە ڕووی بەکارهێنانی هێما و سیمبۆل و کەرەسـتەی درامییـەوە، بـە پشتبەسـتن بـە فیکـر و دیدگـەی مەتریالیسـتانە لـە خوێندنەوەی مێـژوودا، هەنگاوێکـی گەورەتـر چووەتـە پێشـەوە و پـەرەی بـە شـێواز و تەکنیکـی نووسـین داوە.

یەکـەم جـار کـە ئاشـنای بەرهەمـی شـانۆیی سـمکۆ نـاکام بـووم، شـانۆگەری «ڕەجـەب و پیاوخـۆران» بـوو، کـە سـاڵی ١٩٧٦ لەسـەر شـانۆی هوڵـی قوتابخانـەی خالدیـە لـە شـاری سلێمانی نمایش کرا، بە بینینی نمایشـەکە شاد بـووم. ڕاسـتییەکەی ئـەوەی شـادی پـێ بەخشـیم دەقـی شـانۆنامەکە بـوو، کـە بـۆ یەکـەم جـار بـەو ئەندازەیـە بـە شـانۆنامەیەکی کـوردی سەرسـام بـم، یەکـەم جـار بـوو نووسـەرێکی کـورد شـانۆنامەیەک بنووسـێت کـە بـە شـێوازێکی هونـەری و تەکنیکێکـی درامیانـەی سـادە و کاریگـەر بـاس لـە بارودۆخـی سـەختی قۆناغـی دوای شۆڕشـی ئەیلـوول بـکات. بەڵـێ... یەکـەم جـار بـوو درامانووسـێکی کـورد بەو فۆرمـە هونەرییـە بتوانێـت بوێرانـە و ڕەخنەگرانـە و هونەرییانـە بـاس لـە ئێسـتا و ئاییندەی کۆمەڵگـە بـکات کـە ئەمـە خـۆی لـە خۆیدا ئەرک و مەبەسـتی نمایشـی شـانۆی ڕیالیزمـی ڕەخنەگرانەیـە.

پێشـتر چەندان شـانۆنامەی کوردیم خوێندبووەوە، زۆربەیـان لـە ژێـر کاریگـەری شـانۆی عێراقیـدا نووسـرابوون، لەوانـە بـۆ نموونـە شـانۆنامەکانی «ئەمیـن میـرزا کەریـم: ئۆتۆمبیلچـی/ زێڕیـن/ داسـەکەی شاسـوار» کـە مۆرکـی شانۆنووسـی عێراقـی (یوسـف العاني)یـان پێـوە دیاربـوو. جارێکیـان لـە ڕێگـەی گەڕانەوەمـدا بـۆ کەرکـووک بە (جیهـاد دڵپـاک)م گـوت: ئـەوەی لـە نمایشـەکەدا سەرسـامی کـردووم خـودی شـانۆنامەکەیە، یەکـەم جـارە شـانۆنامەیەکی تـەواو کـوردی ببینـم. پـاش نمایشـەکە بـە تاسـە بـووم نووسـەری شـانۆنامەکە ببینـم، کـە سـمکۆ نـاکام- یـان پـێ ناسـاندم، گەنجێکـی بـەژن کـورت و ڕووخـۆش بـوو، بـەڵام هەمـوو قسـەکانی وەک شـانۆنامەکانی پڕبـوون لـە تەنـز و لاقرتـێ و پەلارهاویشـتن، هـەر زوو بوویـن بـە دوو هاوڕێـی نزیـک.

لـە تەلیفۆنەکـەدا کـە بـاری سـەرنجی خۆمـم دەربـارەی (بەسـەرهاتی کاکـەوڵای ئاشـەوان لـە سـەردەمی فەقیرقڕاندا) بە سمکۆ ناکام گوت: یەک دوو سـەرنجی تەکنیکیم هەیـە، لەوانە ناوونیشـانی شـانۆنامەکەم زۆر پـێ دووورودرێـژە، پێـم بـاش نییـە ناوونیشـانی شـانۆنامە بـەو ئەندازەیـە دوور و درێـژ بێـت کـە ناوەرۆکـی نمایشـەکە بـە دەسـتەوە بـدات، پێشـەنگە نەمرەکانـی شـانۆی کلاسـیک، وەک سـۆفۆکلیس و شەکسـپیر و مۆلێیـر، لەمـەدا باشـترین نموونـەن، ڕاسـتە هەندێـک نووسـەری جیهانـی ئەمەیـان کـردووە، بـەڵام ئەوانیـش دەگمەنـن. تێبینـی سـێیەمم سـەبارەت بـە زمانـی یـەک دوو دیمـەن بـوو، پێـم گـوت: سـمکۆ ئـەو دیالۆگانـەی کە بـاس لـە خۆشەویسـتی و سـۆزداری دەکـەن، هـەوڵ بـدە دیالۆگەکانـت تۆزێک ڕۆمانسـی بـن، ئەویـش بـە تـەوس و گاڵتـەوە گوتـی:

-فازیـل مـن تەنیـا دەزانـم ڕەخنـە بگـرم، مـن و ڕۆمانسـییەتیان نەوتـووە.

منیـش هـەر بـە گاڵتـەوە پێـم گـوت: کێشـە نییـە، (سـامۆیل بێکێت)یـش نەیدەزانـی دیالۆگـی ڕۆمانسـییانە بنووسـێت.

لە دارشتنی ئاخاوتندا، بە مۆنۆلۆگ و دیالۆگەوە، سمکۆ ناکام ئەندازیارێکی کەم وێنەیە، هەروەها لە دارشتنی پرۆلۆگەوە «دەستپێک» بەتایبەتی لە شانۆنامەی (بەسەرهاتی کاکەوڵای ئاشەوان لە سەردەمی فەقیرقڕاندا)، کە باس لە ئاشەوانێک (کاکەوڵا) و هاوسەرە جوانکیلە دووگیانەکەی (ئاسکۆڵ) دەکات، ئەم ژن و مێردە لە ئاشەکەی خۆیاندا ژیان بە سەر دەبەن، پێشتر منداڵێکیان مردووە، ئێستا چاوەڕێی منداڵێکی ترن کە هەموو هیوا و ئاواتێکی ژیانیانە، بەڵام دەستە دەستە لە تورک و ئینگلیز و کوردی دەرەبەگ، شەڕفرۆش و ملۆزمیان لێ پەیدا دەبێت و تەنگیان پێ هەڵدەچنن. لە ئەنجامی شەڕ و بەربەرەکانێ و ململانێی لایەنەکان لە سەر ئاشەکە و ئازووقەی ئەو خێزانە هەژارەدا، ئاسکۆڵ بە منداڵەکەوە دەکوژرێت، منداڵەکە وەک منداڵی پێشوو ( فاتیمە) لە بار دەبرێت، وەسیەتی ئاسکۆڵ ئەوەیە کە مردم لە تەنیشت گۆڕی فاتیمەوە بمنێژن.

شانۆنامەکە بە بەهێزترین پرۆلوگ دەست پێ دەکات کە نووسەر لە شێوەی مۆنۆلۆگدا دایڕشتووە. سمکۆ ناکام هیچ ڕستەیەکی بە خۆڕایی و بێ مەبەستێکی دیاریکراو نەدەنووسی، زمان بەلای ئەوەوە ئامرازێکی زۆر گرنگە، هەموو ڕستە و ئاخاوتنێک لەلای بەردێکی پتەوی پێکهاتەی کەسایەتییەکە و هێڵی گێڕانەوە و بینای چیرۆکەکەیە (پلۆت)، لەو بڕوایەدام سمکۆ ناکام هیچ ڕستەیەکی بێ قووڵبوونەوە و تاووتووکردن و لێکدانەوە نە دەنووسی، بۆ ڕستەیەک ئامادە بوو پێوەندی بە چەند کەسێکەوە بکات و بپرسێت و ڕای کەسانی تر وەربگرێت، جارێ باسی وەرگێڕان هەر ناکەم، سمکۆ ناکام تا ڕستەیەکی وەردەگێڕا، بەچەند زمانێک هەڵیدەسەنگاند، بەر لەوەی دوا جار ئەو ڕستەیە بنووسێت، کە بە گونجاو و شیاوی دەزانی.

لە شانۆی کوردیدا کەسم نەدیوە سەبارەت بە زمان بە ئەندازەی سمکۆ ناکام هەستیار و ورد بێت، دیارە هۆکاری سەرەکی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خۆی لە بنەچەدا درامانووس بوو، درامانووسەکان بەگشتی بەرانبەر بە زمان ورد و هەستیارن، کەیفیان بەو دەرهێنەرانە نایەت کە بێپەروا دەستکاری دەق دەکەن، لەم ڕووەوە سمکۆ ناکام هەندێک جار ڕەخنەی لە من دەگرت، کە لە دەرهێنانندا دەستکاری دەق دەکەم، عوسمان چێواری زۆر بە دڵ بوو، چونکە پێی وابوو چێوار دەستکاری دەقی نەدەکرد، ئەو لە نزیکەوە، شانبەشان وەک دراماتۆرگ لەگەڵ چێوار کاری دەکرد، بۆیە دەستکاری شانۆنامەکانی سمکۆی نەدەکرد، بەڵام ئەو ڕاستییەی نەدەزانی کە چێوار، وەک زۆربەی دەرهێنەرەکان، شانۆنامەکانی چێخۆف و گۆرکی کورت دەکردەوە و ناچار بوو، وەک زۆربەمان، چەند دیمەن و ئاخاوتنێکیان لێ بقرتێنی.

لەلایەکی دیکەوە سمکۆ ناکام چەند زمانێکی بەباشی دەزانی، لە وانە فارسی و عەرەبی و ئینگلیزی و فرەنسی و ئەڵمانی، ئەمە بێجگە لە زمانە کوردییە نایابەکەی. زمانزانین زۆر یارمەتی دابوو، چ وەک شانۆکارێکی ڕۆشنبیر و بەئاگا، چ وەک وەرگێڕێکی کارامە، کە بەرهەمەکانی دانسقە و نایاب بن، ئەم ڕاستییەم لە وەرگێڕانە وردەکەیدا بۆ شانۆنامەی «بەدەم چاوەڕوانی گۆدۆوە» بۆ دەرکەوت. ڕاستە سمکۆ ناکام شانۆنامەکەی لە زمانی یەکەمەوە (فرەنسی) بەرێ دەکرد، بەڵام بەردەوام وەرگێڕانەکەی لەگەڵ زمانی ئەڵمانی و ئینگلیزی بەراورد دەکرد، هەر بۆیە وەرگێڕانەکەی نزیکەی ساڵێکی خایاند، بەدەر لەوەش لە نامەیەکدا داوای لێکردم کە لەلای خۆمەوە دەقە کوردییەکە

لەگەڵ دەقە سوێدییەکەش بەراورد بکەم، بەڵام کە شانۆنامەکەم بە کوردی خوێندەوە، تێگەیشتم کە پێویست بە هیچ بەراوردێکی تر ناکات. بەڕای من وەرگێڕانەکەی سمکۆ ناکام نەک هەر شاکارێکە، بگرە وانەیەکە لە هونەری وەرگێڕانی شانۆنامە و ڕۆڵی وەرگێڕی داهێنەر و شارەزا لە بواری دراماتۆرگی، کە ئەم تایبەتمەندێتییە لە سمکۆ ناکام- دا هەبوو، واتە کەسێک دەبێت کاری وەرگێڕانی شانۆنامە بکات، شانۆکار و نووسەر و دراماتۆرگ، یان شارەزای دراماتۆرگی بێت.

لە سەرەتای ساڵی دوو هەزار، داوام لە سمکۆ ناکام کرد شانۆنامەی «پۆلیس»ی نووسەری پۆڵۆنی (سلاڤومیر مرۆژک)م بۆ وەربگێڕێتە سەر زمانی کوردی بە نیازی ئەوەی وەک بەرهەمێکی تیپی شانۆی ئارارات لە ستۆکهۆڵم پێشکەشی بکەین. سمکۆ ناکام بە شێوازەکەی خۆی، باسی لەوە دەکرد، کە دەبێت شان بەشانی دەقە ئینگلیزییەکە، کە خۆم بۆم نارد، دەبوو شانۆنامەکە بە فرەنسی و ئەڵمانیش پەیدا بکات، ئەمەش بەو وردبینییەی سمکۆ ناکام کاتێکی زۆری دەخایاند و بۆ ئێمە نەدەگونجا، بۆیە من دەستم لە پرۆژەکە هەڵگرت.

توانایی سمکۆ ناکام لە بیناسازی و هێڵی چیرۆکگێڕانەوە، لە مۆنۆلۆگدا کەم وێنەیە، لە باسکردنی مۆنۆلۆگی کاکەوڵادا ئاماژەم پێ کرد، بەڵام ئەم توانایيە باشتر لە مۆنۆدرامای (مارشێکی ناسان)دا دەردەکەوێت، کە مۆنۆدرامایەکی گەلێ تایبەت و جیاهەڵکەوتووە. سمکۆ ناکام ئەم مۆنۆدرامایەی لە کۆتایی حەفتاکاندا نووسیوە، دروست بەر لەوەی کوردستان بەجێ بهێڵێت و لە فرەنسا نیشتەجێ بێت. باشە چۆن بوو سمکۆ ناکام سلێمانی بەجێ هێشت و ژیانی تاراوگە و هەندەرانی هەڵبژارد؟ ڕاستییەکەی هۆکاری ئەم بڕیارە سیاسی نەبوو، ئەوەندەی کە ئەو هەستی بە ئاسوودەیی نەدەکرد، ئەوەندەی کە لە ناوەندە فیکری و ڕۆشنبیرەییەکەی سلێمانی سالآنی حەفتاکاندا هەراسان دەکرا و ناڕەحەتیان دەکرد، دەیانگوت سمکۆ ناکام بۆ فرەنسا هەڵهات، ئەوەی ڕاستی بێت ناکام بۆ وڵاتێک هەڵ نەهات، بەڵکوو لە وڵاتێک هەڵهات، ئەو هەمیشە لە بەرەی چینی هەژار و بەشخوراواندا بوو، بیرۆکەی سەرجەم شانۆنامەکانی ڕاستی و دروستی ئەم بۆچوونە دەسەلمێنن.

بەر لە ڕۆیشتنی بۆ فرەنسا، سمکۆ ناکام شانۆنامەی (مارشێکی ناسان)ی لەلام بەجێ هێشت، بە نیازی ئەوەی دەری بهێنم، بەڵام ئەوەندەی نەخایاند منیش ڕێگەی تاراوگەم گرتەبەر و شانۆنامەکە لە کەرکووک مایەوە، پاشان لەگەڵ زۆر نووسین و وێنەی تردا فەوتان. مارشێکی ناسان، باس لە گەندەڵی و سیستمی بێ بەها و بێ موراڵی ڕژێمی تۆتالیتاری دەکات. پاڵەوانی شانۆنامەکە جەنەڕاڵێکی ڕژێمی سەربازی چیللییە، کە لە خەستەخانەی دەروونی ( شێتخانە) پلانی چەند تەلیفۆنێکی لەبەر دەستە و دانیشتووە و بە زەین و خەیاڵی خۆی کوتادەیەک بەرپا دەکات، ئەم جەنەڕاڵە فەرمان و ڕاسپاردە و ڕێنماییەکانی بە تەلیفۆن ڕادەگەیەنی، تەنانەت لیستی وەزیرەکانیش تاکلایەنانە و هەر بە تەلیفۆن ڕادەگەیەنێت، پاشان کتوپڕ لیستەکە دەگۆڕێت و لیستێکی دیکە ڕادەگەیەنێت. لە کۆتاییدا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم کەسە جەنراڵێکی شێتە و شوێنەکەش شێتخانەیە، بەڵام کابرا، خۆی ئەوەندە پێ گەورەیە، بە ئەندازەیەک کە بڕیاڕ لە سەر ئایندەی وڵات و هەموو چەمکە گرنگەکانی دەوڵەت دەدات.

سمكۆ ناكام لە مارشێكی ناسازدا، مۆنۆدرامایەكی داهێناوە كە هەموو سیمای گرۆتێسك و شانۆی ئەبسورد و ساتیر و تەنزی سیاسی تێدایە، ئەم مۆنۆدرامایە كە لە سەرجەم شانۆنامەكانی دیكەی نووسەر جیاوازترە، لە ئاستێكی هونەری ئەوەندە بەرز نووسراوە، كە دەكرێت بڵێین شانۆنامەكە دەقی شانۆیی كوردی گەیاندووەتە ئاستێكی جیهانی كە هیچی لە شانۆنامەكانی یۆنسكۆ و مرۆژیك و ئارابال كەمتر نییە.

هەر لە نمایشی (پردی ئارتا)وە سمكۆ ناكام ڕا و بۆچوونی دەربارەی من وەك دەرهێنەر پۆزەتیڤ بوو، پێشی خۆش بوو شانۆنامەكانی دەربهێنم، هەر بۆیە شانۆنامەی مارشێكی ناسازی پێ سپاردم بۆ ئەوەی دەری بهێنم. ساڵی ٢٠١٨ شانۆنامەی (بەسەرهاتی كاكەوڵای ئاشەوان لە سەردەمی فەقیرقڕاندا) بۆ ناردم، دیسانەوە ئەو دەرفەتەم بۆ نەڕەخسا كاری تێدا بكەم. ئەم ئارەزووەی سمكۆ ناكام لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو، كە لە ستۆكهۆڵم لە نزیكەوە ئاگاداری نمایشەكانی تیپی شانۆی (ئارارات) بوو، كاتێك شانۆگەری (گێژەن)مان نمایش كرد، سمكۆ ناكام بەتایبەتی بۆ بینینی نمایشەكە هاتە ستۆكهۆڵم، نمایشەكەی بەدڵ بوو، بەڵام وەك هەمیشە ڕەخنەی ئەوەی لێ گرتم كە زۆر دەستكاری دەقی نووسەرم كردووە، ئەو هەمان بۆچوونی دەربارەی نمایشی (ڕووتبوونەوە) هەبوو، كە پێی وابوو پەیامەكەی زەق و ڕاستەوخۆ بوو. پاكانەی من سەبارەت بە هەردوو نمایش ئەوەبوو كە من كاری گونجاندن و ئامادەكردنم بۆ دەقەكان كردووە، نەك تەنیا وەرگێڕان. سمكۆ ناكام زۆر بە پەیامی زەق و ڕاستەخۆ پەست دەبوو، منیش بە هەمان شێوە، بەڵام بۆچوونمان لەم مەسەلەیەدا جیاواز بوو.

لە دواسەفەرمدا بۆ وڵاتی مەغریب، بۆ بەشداریكردن لە سیمپۆزیۆمێكی نێودەوڵەتی دەربارەی نووسینی شانۆنامە و دەرهێنانی شانۆیی، نووسەر و دراماتورگی مەغریبی (د. عصام اليوسفي) باسی لەوە كرد، كە چەند هەواداری چیرۆكەكانی نووسەری توركی عەزیز نەسینە، بۆیە لە پرۆژەیدایە شانۆنامەیەكیان لێ پێك بێنێت.

بێگومان وەك مامۆستایەكی ئاكادیمی دراماتورگی و شانۆنووسێكی داهێنەر لە ئاستی ئەو ئەركەدایە. گوتی نازانم بۆچی كەس لە نووسەرانی عەرەب بیری لەم كارە نەكردووەتەوە؟ منیش یەكسەر شانۆنامەكەی سمكۆ ناكام- م بە «نەسرەت دەربارەی شارەكەی ئەدوێ» بەبیردا هاتەوە. شانۆنامەكە یەكەم جار لە سانسۆری ڕژێمی بەعس دەرباز نەبوو و یەكسەر قەدەغە كرا، ئەمە كاتێك كە عوسمان چێوار دەیویست دەری بهێنێ، بەڵام چەند ساڵێك دواتر، ئەو دەمە سمكۆ ناكام ساڵانێك بوو كوردستانی بەجێ هێشتبوو، عوسمان چێوار توانی مۆڵەتی لیژنەی سانسۆر بەدەست بێنیت، پاش ئەوەی ناوونیشانی شانۆنامەكەی گۆڕی بۆ « مرۆڤ و شارەكەی» وەك ئەوەی هەمان شانۆنامە نەبێت، هەر لەو بۆنەیەدا ئەوەم بۆ (دكتۆر عصام) باس كرد، كە چیرۆكەكانی عەزیز نەسین بە زمانی كوردی كراونەتە شانۆنامەیەكی سەركەوتوو، باسی سمكۆ ناكام- م بۆ كرد، ئاماژەم بەوەش دا كە نمایشەكە لە نەوەتەكاندا یەكێك لە نمایشە سەركەوتووەكانی نووسەر سمكۆ ناكام و دەرهێنەر عوسمان چێوار بووە.

بەداخەوەم كە ئەم نووسینەم دەربارەی سمكۆ ناكام یەكلایەنەیە و خۆی نایخوێنێتەوە تا بە ڕەخنە و سەرنج و تێبینییەكانی، نووسینەكەم دەوڵەمەند بكات.